## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (بەشداریم لە دیالۆگی عەرەبی - کوردی لە قاهیرە کرد)

بەر لەگرتنی کۆنگرەی دیالۆگی عەرەبی - کوردی، لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە بە سەرۆکایەتی (مامۆستا ئەحمەد حەمروش) لە رۆژی (١٩٩٨/٣/٢٥) یەکەم کۆبوونەوەی کردو حەوت کۆبوونەوەی دیکەی بەدوادا هات، گەیشتنە ئەو ئاکامەی دەستنیشانی سێ تەوەری سەرەکی بۆ کۆنگرەکەیان بکەن، کە بریتی بوو لە:

١-پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان کورد و عەرەب.

٢-کوردستانی عێراق لە ئێستاو ئاییندەدا.

٣- روانگەی عەرەب و کورد بۆ پرسەکانی ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەکە.

ئەوە بوو لە کۆبوونەوەکانی پاشتردا رێککەوتن لەسەر کات و شوێنی کۆنگرە و هەموو ئەو شتانەی تەواوکەری کارەکانی کۆنگرەکە بوو. بڕیار درا لە مانگی (ئایار)ی ساڵی (١٩٩٨)کۆنگرەکە لە قاهیرە لەهۆڵی (سەلاحەددین)ی ئوتێل (شیراتۆن) ببەسترێ و بەشێکیشی لەناوەندی (ئیبن خەلدون).

بە بەشداری (کۆمیتەی میسری بۆ پشتگیری، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەندێ پارتی میسری و چەند لایەنێکی دیکەی کورد، کەسایەتی میسری و عەرەبی و کوردی).

لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە لە رێگای هەڤاڵی شەهید مامۆستا (سامی عەبدولڕەحمان) ـەوە ئاگادار کرام کە یەکێکم لە بەشدارانی ئەو کۆنگرەیە و گوتارم دەبێ. ئەوەی شایەنی باسە شاندەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەم هەڤاڵانە پێکهاتبوو:

١- بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان- سکرتێری مەکتەبی سیاسی — سەرۆک.

٢- بەڕێز هۆشیار زێباری - ئەندامی مەکتەبی سیاسی- ئەندام.

٣- بەڕێز جەوهەر نامیق-سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- ئەندام.

٤- بەڕێز موحسین دزەیی- نوێنەری سەرۆک بارزانی- ئەندام.

٥- بەڕێز د.سەعدی بەرزنجی- نوێنەری یاسایی سەرۆک بارزانی- ئەندام.

٦- بەڕێز عومەر بۆتانی- بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییە عەرەبییەکان- ئەندام.

٧- بەڕێز ئەحمەد سالار- شانۆکار و نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان- ئەندام.

٨- بەڕێز عەزیز محەمەد- سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی عێراقی- ئەندام.

٩- بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە- سکرتێری بزووتنەوەی میللی کوردستان-ئەندام.

١٠- بەڕێز یوسف حنا یوسف- سکرتێری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان-ئەندام.

١١- بەڕێز غەفوور تاهیر مەخمووری- سەرۆکی پارتی یەکێتی نەتەوەیی کوردستان- ئەندام.

١٢- بەڕێز محەمەد فەرەج ئەحمەد - ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی-ئەندام.

بە تەنیا من لەناو شاندەکە بوارەکەم رۆشنبیری بوو، بۆیە بە چاکم زانی لە هەمان بواردا بنووسم و تایبەت بە پەیوەندی کورد و عەرەب لە گۆشەنیگای رۆشنبیرییەوە، هەندێ پرس و راو تەگبیرم بە (دکتۆر کەمال غەمبار )کرد، ئەویش هەر وای بەچاك زانی بە کۆپلەیەکی شعری (چیرۆکی برایەتی)ی (گۆران)ی شاعیری گەورەی نوێخواز دەست پێبکەم، کە لەلایەن (دکتۆر عیزەدین مستەفا)وە کرابوو بە عەرەبی:

((برای عەرەبی چاوڕەشم
تاڵ بوو بەشت، تاڵ بوو بەشم
لەیەك کاسە (تاڵی) نۆشین
برایی کردین بە هەنگوین..))

ئاوڕم لەسەرجەم ئەو بوارە رۆشنبیرییانە دابووەوە کە پتر کورد کاریگەری لەسەر عەرەب بەتایبەتی و ئیسلام وەك زمان و ئایین بەگشتی هەبووە. راستە کارەکە کاری پێدانە و لەهەمان کاتدا لێوەرگرتنە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان گەلێك قەرداری ئێمەن، ئەوان بە دابونەریتی بیابانییەوە هاتنە ناوەوە، کە کوشتن و برین و دەستدرێژی و ئافرەت زەوتکردن، هیچ شتێکی ئەوتۆی ژیاری و شارستانیەتیان شك نەدەبرد، بەڵام من ئەوەندەی مەبەستم بوو تەنها وەبیرخستنەوە بوو نەك خوانەخواستە بەچاودانەوە.

فەرموودەیەکی (ئیمام غەزالی )م هێنابوویەوە کەباسی ئەو چوار کۆڵەکەیە دەکات کە راگری شارستانیەت و ژیاری عەرەب و ئیسلامن، کە سیانیان کوردن.



## ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

دەست بە یەكەم دانیشتنی كۆنگرە كرا و یەكەم باس، باسەكەی من بوو، سەرۆكەكانی دانیشتنەكە بریتی بوو لە بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) و بەڕێز (ئەحمەد حەمروش)، لەلایەن بەڕێز (مام جەلال)ـەوە زۆر بە ڕێزەوە پێشكەشی كردم، دەبوو بابەتەكەم لە (٢٠) خولەك زیاتر نەخایەنێت، پاش تەواوبوونم بە چەپڵەڕێزان ڕێزیان لێگرتم و سەرجەم ئەندامانی شاندەكەم دەستخۆشییان لێكردم، سەرەتا (كاك سامی عەبدولڕەحمان) فەرمووی: (لەمن وابوو هەر لەكوردیدا ئەسپت جوان تاودەدەیت و سوارچاكی، بەڵام لەعەرەبیشدا هەر شاسواری). ئەوەش هەر لەگەورەیی مامۆستا بوو.

ئەو چەند ڕۆژە بە كۆبوونەوەی چڕوپڕەوە كاتمان دەبردە سەر، لەبەری ئەو بەری ئوتێلەكەمان (ماڵی ئۆپرا) هەبوو، لەو ڕۆژانەشدا گۆرانیبێژی لوبنانی (ماجیدە ئەلرۆمی) كۆنسێرتی هەبوو، منیش یەكێك بووم لەهەوادارانی دەنگ و هونەرەكەی، بەڵام دەرفەتم بۆ نەڕەخسا، تەنیا ڕۆژێ بەر لە گەڕانەوەمان تاقی بەیانییەكەی ئازاد بووین، لەگەڵ خوالێخۆشبوو (كاكە جەوهەر نامیق) بەرەو (خان الخلیلی) چووین، بۆم باسكرد كە كاتی خۆی بە كاریگەری چیرۆكەكانی (نەجیب مەحفوز) لە لاوێتیما شەیدای نووسینەكانی بووم، پتر چیرۆكی (خان الخلیلی) وای لێكردبووم هەر كە ساڵی (١٩٧٦) هاتمە قاهیرە دەستبەجێ چوومە سەردانی ئەو بازاڕە ناودارە.

بەرەو بازاڕەكە ڕێكەوتین، بەڵام ئەوەی من دیبووم، چ بازاڕ و چ شارەكە هیچی لە شوێنی خۆی نەمابوو، پاش بازاڕكردن، (كاك جەوهەر) ڕووی كردە كۆڵانێكی تەنگەبەر و ملمان پێوەنا، لەدڵی خۆمدا گوتم: هەردوو ناشارەزا داخۆ دەردەچین، یان نا؟ (كاك جەوهەر) وتی: ها دەڕۆین، قابیلە هەر دەرنەچین. بەهەر حاڵ كۆڵانەكەمان لێ بووە (توونی بابا) و نە تەكسی هەبوو، نە ڕێنیشاندەرێ، ئیدی ناو كۆڵانەكان كەوتین.

لە شوێنێكدا دەرچووین، دیاربوو بۆ چەندین سەدەی پێشتر دەگەڕایەوە، كەرەسەی خانووەكان و شێوازەكانیان وایان دەگەیاند، چەند سەعاتێكمان پێچوو، هەتا دەروومان لێكرایەوە و تەكسییەكمان لێ پەیدا بوو و گەڕاینەوە. ئەو چەند ڕۆژەی بردمانەسەر هیچ كەسێ هەستی نەك بە شەڕ و ئاشووبی نێوانمان، بەڵكو هەستیان بە گرفتێك لەنێوانماندا نەدەكرد، ئەوەی مەبەست و پەیامی كوردستانییانەمان بوو، گەیاندمان و لە ڕێگای سووریاوە گەیشتینەوە فیشخابوور و بە سواری گەمییە پەڕینەوە باشوور.

پاش ماوەیەك كتێبێك بە ناوی (الحوار) بە زمانی عەرەبی بڵاوبوویەوە، ئەو بەڕێزە دانەیەكی بە دیاری بۆ منیش ناردبوو، پاش سەیركردنی ناوەڕۆكەكەی باسەكەی منی تیادا نەبوو، منیش سەردانی (كاك جەوهەر)م كرد و بۆم باسكرد و وتم: تەنیا باسێ كە بایەخێكی ڕۆشنبیری هەبوو لەلایەن میسرییەكانیشەوە بەباشی لێوەی دەدوان، چۆن دەبێ یەكەم باسی لەبیر بكات؟ ئەوەی بەسەر كابرایەكی سلێمانی هاتبوو، پاش ئەوەی چارەكە سەدەیەك كاری (مەساح)ی دەكات لە ئاكامی تاقیكردنەوەیەك لە بەغدا بۆی دەنووسن (بینە و بین المساحة مساحة) نامەوێ بڵێم ئەمیش (بینە و بین العلاقات قارات) واتە لەنێوانی ئەم و پەیوەندییەكاندا كیشوەرەكان هەیە.

دوای ئەوەی (كاك جەوهەر) گلەیی لێكرد، بەپەلە داوای لێبوردنی لێكردم، كە بە دەستی ئەنقەست نەبووە.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامان بوو، ئەو هەڵسوكەوت و ڕەفتارەی حكومەتی میسر بوو،كە كپكردنێكی تەواوی خستبووە سەر كۆنگرەكە، دیار بوو لەنێوانی حكومەتەكەیان و بیرئازادانەدا شورایەكی بەرزی پۆڵایینی هەبوو، بەتایبەت (عەمر موسا) هەر دەتگوت پۆلیسی (سەدام)ـە، تەنیا هەشت نۆ وشەی بە بچووكترین (فۆنت) لە ڕۆژنامەی (الاهرام)دا وەك كورتە هەواڵێكی شەرمن بڵاوكرابوویەوە، لەبەر دەرگای هۆڵی كۆنگرەش چەند (كۆنترۆڵ)ێك دانرابوو، نەبادا یەكێ ئامێرەكانی تۆماری دەنگ و وێنەگرتنیان پێ بێ..!

لەمەیانەی ئەو چەند ڕۆژەدا سەردان دەكراین و ئێمەش سەردانی لایەنە سیاسییەكانی ئەوانمان دەكرد، لەیەكێ لەو سەردانانەدا سەردانی سیاسەتمەداری میسری (خالید محێدین) سەرۆكی پێكهاتە نیشتمانییەكانی (میسر)مان كرد، ئەو بەڕێزە لەكاتی (جەمال عبدولناسر)دا لە كەسایەتییە هەرە دیارەكانی ئەو دەمە بووە، لەكاتی یەكتر ناسیندا هەڤاڵی شەهید (سامی عەبدولڕەحمان) منی پێ ناساند كە هونەرمەندم، بەگەرمی دەستی كردە ملم و پێی وتم: بەخودا ئێوە خاڵوانی منن، دایكم كورد و لە بنەماڵەی نەقشەبەندییەكانە، ئێمە كەسی یەكدین...)

**دەست بە یەكەم دانیشتنی كۆنگرە كرا و یەكەم باس، باسەكەی من بوو، سەرۆكەكانی دانیشتنەكە بریتی بوو لە بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) و بەڕێز (ئەحمەد حەمروش)، لەلایەن بەڕێز (مام جەلال)ـەوە زۆر بە ڕێزەوە پێشكەشی كردم، دەبوو بابەتەكەم لە (٢٠) خولەك زیاتر نەخایەنێت، پاش تەواوبوونم بە چەپڵەڕێزان ڕێزیان لێگرتم و سەرجەم ئەندامانی شاندەكەم دەستخۆشییان لێكردم، سەرەتا (كاك سامی عەبدولڕەحمان) فەرمووی: (لەمن وابوو هەر لەكوردیدا ئەسپت جوان تاودەدەیت و سوارچاكی، بەڵام لەعەرەبیشدا هەر شاسواری).**

**(عەمر موسا) هەر دەتگوت پۆلیسی (سەدام)ـە، تەنیا هەشت نۆ وشەی بە بچووكترین (فۆنت) لە ڕۆژنامەی (الاهرام)دا وەك كورتە هەواڵێكی شەرمن بڵاوكرابوویەوە، لەبەر دەرگای هۆڵی كۆنگرەش چەند (كۆنترۆڵ)ێك دانرابوو، نەبادا یەكێ ئامێرەكانی تۆماری دەنگ و وێنەگرتنیان پێ بێ..!**


# کاترینا چۆن خۆشەویستە کۆنەکەی بینی؟



له ئاهەنگی هاوسەرگیری ئەستێرەی سینەمایی بۆلیۆد ئەنۆشکا شارما و یاریزانی کریکێت فیرات کولی کە لە مۆمبای ساز کرا ژمارەیەکی زۆری ئەستێرەی بۆلیۆد کە هەندێکیان پەیوەندییەکانیشیان باش نەبوو و ناکۆك بوون بەتایبەتی کاترینا کیف و رانبییر کاپوری کۆنە خۆشەویستەکەی.

کاترینا کە بە جوانییەکەی سەرنجی هەموو لایەکی راکێشا بە یاوەری ئیزابیلی خۆشکی هاتن و رانبییریش بە یاوەری ئەیان موخرجیی هاورێی، بەڵام هەردوو لا بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان دەدا خۆیان لە یەکتر دوور بخاتەوە و راستەوخۆ رووبەڕووی یەکتر نەبنەوە بۆ ئەوەی هیچ گرفت بۆ خۆیان و ئامادەبووان درووست نەکەن.

لەم بارەوە رۆژنامەی (nd tv)ی هیندی تایبەت بە هەواڵی هونەرمەندان و ناوداران لە راپۆرتێکدا رایگەیاند: هەردوو زۆر بە زیرەکانەوە توانییان خۆیان لە رووبەڕووبوونەوەی یەکتری دوور بخەنەوە بەتایبەتی کاتێك لە شوێنی پێشوازی کردن زۆر لە یەکترییەوە نزیك بوون، بەڵام هەریەکیان خۆیان بە هاورێکانیانەوە خۆیان سەرقاڵ کرد وەك ئەوەی یەکتر نەبینن.





# مەریەم ئۆزارلی کارێکی نوێی دۆزییەوە

هەرچەندە مەریەم ئۆزارلیی ئەکتەری ناسراوی تورك خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆرە بە هۆی بەشداری کردنی لە چەندین زنجیرە دراما و فیلمی تورکی و ناوبانگێکی زۆریشی هەیە لە نێو جەماوەر و لە بواری خانووبەرەش وەبەرهێنانی هەیە، بەڵام لە ئێستادا بیری لەوە کردۆتەوە کە روو لە کاری وەبەرهێنان بکات و ناوبانگی و سەروەت و سامانەکەی لە بوارێکی دیکە جگە لە هونەر بخاتە روو.

مەریەم کە لە ئەڵمانیا دەژی لەم بارەوە بڕیاریداوە روو لە وەبەرهێنان بکات لە بواری جوانکاری لە هەمان کاتدا بڕیاری وەبەرهێنانی خۆی لە بواری خانوو بەرەش فراوانتر بکات بۆ ئەم مەبەستە خانووەکی دیکەیشی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کڕیوە. لەم بارەوە بەر لە ماوەیەك مارکەیەکی نوێی جوانکاری ڕاگەیاند بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەلی جوانکاری بە ناوی خۆی و بۆ ئەوەی ناوبانگی زیاتر پەیدا بکات سەردانی تورکیا و چەند وڵاتێکی کەنداو و وڵاتانی ئەورووپاشی کردووە بۆ پروپاگەندە کردن بۆ ئەو بەرهەمە نوێیانە.

شایەنی باسە ئێستا دوو فیلمی مەریەم نمایش دەکرێن یەکیان بە ناوی (لایەکەی دیکە) لەگەڵ ئۆزجان دینیز و ئاسلی نەڤەر و فیلمی ( جەنگیز رەجائی ) لەگەڵ کینان ئەمیرز ئالی کە بە ئیزیل ناسراوە.



# ڤاندام رۆڵی جەلالەدینی رۆمی دەبینێت

ئەستێرەی ناسراوی هۆڵیۆد جان کلود ڤان دام خۆی ئامادە دەکات بۆ بینینی رۆڵی کەسایەتی و شاعیری ناسراوی جیهانی ئیسلامی جەلالەدینی رۆمی لە فیلمێکی نوێدا لە دەرهێنانی عومەر سیریکایای تورکی بە ناوی (“Islamophobia) کە هەوڵێکە بۆ جوانتر کردنی وێنەی ئیسلام لە نێو کۆمەڵگای رۆژئاوایی و سڕینەوەی ئەو شێوە ناشیرینەی کە پێی ناسراوە.

ئەم فیلمە نوێیە باس لە ئایینی ئیسلام و ئەو لێبووردەییەی کە لەو ئایینەدا هەیە بە پێچەوانەی ئەو وێنەی کە لە رۆژئاوا لە مێشکی خەڵکیدا چەسپێنراوە و وێنا کراوە و زیاتر وەك ئایینی توندڕەوی ناسراوە کە هانی تیرۆر و کوشتنی پێرەوانی ئایینەکانی دیکە دەدات، هەروەها فیلمەکە ژیانی جەلالەدینی رۆمی دەخاتە بەتایبەتی مامەڵە کردنی رۆژانەی لەگەڵ پێرەوانی ئایینەکانی دیکە کە لەگەڵ موسڵماناندا بە ئاشتی دەژیان و پێکەوەژیان باڵی بەسەر پەیوەندییەکانیاندا کێشابوو و پێڕەوانی هەموو ئایینەکانی دیکە ئازادبوون لە ئەنجامدانی ڕێورەسم و سرووتە ئایینییەکانیان.

شایەنی باسە بڕیار وایە لە ناوەڕاستی ئەم مانگە دەست بە وێنەگرتنی دیمەنە سەرەتاییەکانی ئەم فیلمە بکرێت و چەندین ئەستێرەی سینەمایی دیکە شان بە شانی ڤاندام بەشداری تێدا دەکەن لەوانە فابیۆ ئەبراهام کە بە رەچەڵەك میسرییە.